گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات

١٤٨
ئازار
٢٠٢٢



# منداڵی سەردەم





# منداڵی سەردەم

گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات

## لەم ژمارەیەدا


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | دەستپێک | ٣ |
| ٢- | جوانترین پشووی هاوینە | ٤-٥ |
| ٣- | زەوی ماڵی ئێمەیە | ٦-٧ |
| ٤- | ڕەچەڵەکی شتەکان | ٨-٩ |
| ٥- | تاقیگەی بڕیار: وزەی ئەتومی | ١٠-١١ |
| ٦- | کوڕ و کوندەپەپوو | ١٢-١٣ |
| ٧- | جیهانی سامان | ١٤-١٥ |
| ٨- | شەمەندەفەری مەترسی | ١٦-١٩ |
| ٩- | پۆستەری ژمارە: سەمای ڕووبار | ٢٠-٢١ |
| ١٠- | ئاگاداربە! دەوروبەری ورچی دایک... | ٢٢-٢٩ |
| ١١- | ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر | ٣٠-٣١ |
| ١٢- | تایکردنەوەی ژیری | ٣٢-٣٣ |
| ١٣- | خشتەی لاپەڕەی (٣) | ٣٤ |
| ١٤- | سینەمای منداڵان: هەنگێک دنیا دەگەڕێت | ٣٥ |
| ١٥- | ١٠ جیاوازی | ٣٦-٣٧ |
| ١٦- | بە دەستی خۆم | ٣٨ |
| ١٧- | بەهرەی هونەری | ٣٩ |
| ١٨- | چیرۆک بە بێ وتە | ٤٠ |



١٤٨
ئازار
٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرۆکی فەخری
شێرکۆ بێکەس

سەرۆکی دەزگا
ئازاد بەرزنجی

سەرنووسەر
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نەخشەسازیی هونەری
سەرنووسەر

وێنەکێش
گۆران ئەحمەد



بۆ پەیوەندیکردن
ژمارەی تەلەفوونی سەرنووسەر
٠٧٧٠١٥٣٦٠٤٤
halkauta@gmail.com


ئەو بابەتانەی پێمان دەگەن
نایان گێڕینەوە بۆ خاوەنەکانیان


ناونیشان
سلێمانی – شەقامی سالم
بەرامبەر بە یانەی ئەندازیاران

لەم ماڵپەڕەدا دەتوانیت بیخوێنیتەوە
www.sardem.org

نرخی (١٠٠٠) دینارە

# دەستپێك

با هەموو ڕۆژێک باشترین کار بکەین کە لەدەستمان دێت و
فێری ئەوە ببین نەخشە بۆ ڕۆژەکەمان و ژیانمان دابنێین،
چونکە گەشتی ژیانمان کاتێک ئاسان دەبێت کە هەوڵبدەین هاوسەنگی
ڕابگرین و ئەوەمان لەبیربێت کە زیادەڕەوی و فەرامۆشکردن
دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگییەکە.
کەواتە با خۆمان لەسەر ئەوە ڕابهێنین
کە کارەکان بە دانایی و پلاندانان ئەنجام بدەین.

## هێلکە شەیتانۆکە دەپرسێت

هێلکە شەیتانۆکەی ژێر حەزی لە پرسیارکردنە،
دەڵێی چی پرسیارێک دەربڕین و ئاڕاستەی هاوڕێیان و
کەسوکارتی بکەین، تا بزانین چۆن وەڵامی دەدەنەوە.
دەکرێت وەڵامەکە بەم ئیمەیلە بنێرن بۆ گۆڤارەکە:

halkauta@gmail.com



# جوانترین پشووی هاوینە

لە عەرەبییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

(پشووی هاوینەی من دەستی پێ کرد). ئەمە وتەی قوتابیەکی زیرەک بوو، پاش دوا تاقیکردنەوەی ساڵ و لە کاتێکدا کە لە قوتابخانەکەی دەچووە دەرەوە. ئێستا دەتوانێ هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشێ.
بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، بۆ دەستکردن بە مۆڵەتەکەی. لە کاتێکدا چەندین پلان و بەرنامەی هەبوو، تا هەموو ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ گەشتەکانی ڕاوەماسی و کات بەسەربردن بڕۆنە دەرەوە و کاتی خۆیان لە پشووی درێژخایەندا بەسەرببەن.
بەر لە هاتنە ژوورەوەی بۆ ماڵەوە سەیری شاشەی مۆبایلەکەی دەکرد. ئەو لە سەرجەم تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندی دروست کردبوو، لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕێککەوتبوو و هەندێک پلانیشی دانابوو. لەگەڵ گەیشتنە دەرگای ماڵەوە، برا بچوکەکەی بینی کە وەکو نەریتی خۆی، خۆی پیادا هەڵدەواسی و ئەم ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە و دەیوت: «دەمەوێ یاریم لەگەڵدا بکەیت... فێرم بکە چۆن لە یارییەکی تازەدا بیبەمەوە. ئیتر ناچیتەوە بۆ تاقیکردنەوە»، بەڵام ئەو سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەیەکی مۆبایل بوو، بۆیە وەڵامی نەدایەوە.
تاکە شتێک کە ئێستا بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە، کە جانتاکەی بۆ فڕینی سبەی ئامادە بکات... کاتێک چووە لای کەنتۆرەکەی تا جانتایەکی بەتاڵ بۆ سەفەرەکەی دەربکات، بە پشتا کەوت و قاچی بە سەختی ئازاری پێگەیشت. هەموو ئەمانە زۆر بە خێرایی ڕوویان دا.
خێزانەکەی هاتن بە دەوریا، باوکی بردی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە، لە کاتێکدا کە ئەو لەتاو ئازاری زۆر دەیناڵاند، گوێی لێ بوو کە پزیشکو پەرستاران دەیان وت لاقی زۆر خراپ شکاوە، هەر بۆیە چارەسەریان بۆ کرد و گەچ و لەفافیان لە قاچییەوە ئاڵاند و پزیشک پێی وت کە دەبێت مانگێک زیاتر لەسەر جێ بکەوێت و پشووی تەواو بدات.
ئەمە شۆکێک بوو، کە سەرجەم خەونەکانی لەناوبرد. ئەو بە نائومێدی گەڕایەوە تا وێنەیەکی خۆی بە گەچ و لەفافەوە بۆ هاوڕێکانی بنێرێتو بە خەمبارییەوە پێیان بڵێ کە ناتوانێت بۆ گەشت لەگەڵیاندا بێت و دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە و لەسەر جێ بکەوێت.
وا دیار بوو ڕۆژانی داهاتووشی تاریک بوو، جگە لە بزەی باوکی، کە دەستی خستە سەرشانی و وتی: «زۆر چالاکی هەیە کە دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت. ئەو شتانەی کە هەرگیز بیرت لێ نەکردوونەتەوە، بەڵام خۆشحاڵت دەکەن.»
سەرەتا بە لایەوە سەیر بوو، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژ تێگەیشت کە دەبێت خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا ڕابهێنێت و بۆ یەکەمین جار بە خشکە ڕۆیشت، سەیری ڕەفەکانی کتێبخانەکەی کرد، ئەو شوێنەی کە کتێبێکی چیرۆکی قەبارە گەورەی لێ بوو و باوکی ساڵی ڕابردوو بۆی کڕیبوو، هێشتا نەی خوێندبووبنەوە. لە کاتی خوێندنەوەدا وردبووەوە کە ئەمە دنیایەکی تازەیە، ئەو نایناسێ، بەڵام سەرگەرمکەرە و هاندەرە، ئەو هەروا لەگەڵ برا بچووکەکەیدا خەریکی یاری بوو، سەرنجی دا کە پێکەنینەکانی ئەو لە کاتی خۆشحاڵیدا جوانترین پێکەنینە کە لە ژیانیدا بینوویەتی.
باپیری وەک نەریتی خۆی هات بۆ ماڵیان تا چەند ڕۆژێک بمێنێتەوە، بەڵام ئەم جارە ماوەیەکی زۆر مایەوە و پاشان تێگەیشت کە لە قسەکانی بێبەش بووەو بەسەرهاتەکانی لەبارەی منداڵییەوە چێژبەخشن.
کوڕەکە سەرەڕای ئەو گەچ و لەفافە قورسەی بە قاچییەوە بوو، دەیتوانی هەموو ڕۆژێک بەرەو لای پەنجەرەکە بخزێ تا وردە نان و بەرماوەی خواردن بداتە باڵندەکان و گوێ لە جریوەیان بگرێت و بۆ کۆبوونەوەیان لەسەر ژەمە خۆراکی بەیانیان پێ بکەنێت.
پاشان لە کۆبوونەوە خێزانییەکاندا بەشداری دەکرد و ڕۆژەکان بە خێرایی تێدەپەڕین و هەستی بە بێزاری نەدەکرد، بەو جۆرەی کە بیری لێ دەکردەوە، چونکە سەرقاڵی دنیایەکی تازە بوو، کە دوور بوو لە هەموو پلانەکانی داهاتووی.
لەسەر سیسەمەکەی خۆی هەڵساو چووە سەر دارشەقەکەی و دواهەمین کتێبی لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی لە ڕەفەی کتێبخانەکەی دانا و بە زەحمەت دەیتوانی باوەڕ بەوە بکات کە لە خوێندنەوەیان بۆتەوە.
لە هاوڕێکانیەوە هەندێ نامەی بۆ هات بۆ دڵدانەوەی و هەندێک وێنەشیان لە سەفەرە جیاجیاکانی خۆیان بۆ نارد.
ئەو سەرەتا وا بیری کردەوە کە ئەوە دڵتەنگی دەکات، بەڵام کە کەوتە یادی دنیا تازەکەی، بزەیەکی شادی کرد. بە پێکەنینێکی زۆرەوە وەڵامی هاوڕێکانی دایەوە و نووسی:
– پشوەکانی منیش سەرگەرمکەرەیە... خێزانەکەمم دۆزییەوە، کتێبخانەکەمم خۆشویست و ئاشنای باڵندەکانی شارەکەم بووم. ڕاستە گەچ و لەفافێکی قورس منی تەممەڵ کرد، بەڵام بووە هۆی ئەوەی لە بوارێکی نوێتر و فراوانتردا بجولێمەوە.


AYAK
KAMIŞ



# پیسبوونی کارەبایی مندالْ تووشی شێرپەنجە دەکات

## بیدۆزەرەوە

چەند زانایەک لە سوید بەم دواییانە بۆیان دەرکەوتووە، ڕێژەی شێرپەنجە لەنێو ئەو منداڵانەدا چوار هێندە بووە کە بە دەست پیسبوونی ژینگەوە دەناڵێنن و ئەوانەی لە ناوچەیەکدا دەژین کە هێڵی کارەبای وزە بەرزی پیادا تێدەپەڕێت.

ئەم زانیارییە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک دەرکەوتووە کە نیو ملیۆن کەسی گرتووەتەوە و دەریخستووە تەنیا هێڵی کارەبای وزە بەرز شێرپەنجە دروست ناکات، بەڵکو ئامێرە کارەباییەکانیش، وەک تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و پلەی ستەیشنیش دروستی دەکەن.





# زەوی ماڵی ئێمەیە

وەرگێڕانی
خونچە محەممەد

# شارەزاکان چاوەڕوانی لەناوچوونی کەنگەری درەختن

## ڕاوکردنی زۆر

کەنگەری درەخت، کە کیسێکی بچووک بە سکییەوەیە بۆ هەڵگرتنی بەچکەکانی، تێکڕای باڵای ٧٥سم دەبێت و کێشی دەگاتە ١٥کیلۆگرام. ١٤ جۆری جیاواز کەنگەر لەئارادایە و کەنگەری درەخت دەتوانێت بۆ ماوەی ١٠م لە درەختێکەوە بازبدات بۆ درەختێکی دیکە، هەروەها دەتوانێت لە بەرزایی ٢٠ مەترەوە بازبدات بۆ سەر زەوی، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێ بگات. شارەزایانی ژینگە چاوەڕوانی ئەوەن لەبەر وێرانکردنی ژینگە لەلایەن مرۆڤەوە و ڕاوکردنی زۆریان لە داهاتوویەکی نزیکدا کەنگەری درەخت لەناو بچێت.




Three

# تۆڕێکی خوێن باڵندەکان لە گەرما دەپارێزێت

## گەرمای زیادە

ئەگەر باڵندەکان تۆڕێکی خوێن لەسەریاندا نەبوایە مردار دەبوونەوە، چونکە ئەو تۆڕە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی باڵندە لە گەرمای زیادە ڕزگاری بێت. ئەو تۆڕە بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر خوێنبەری وردیلە، کە بە شێوەیەکی سەیر پێکەوە بەستراون. ئەم شێوازی پێکەوەبەستنە یارمەتیدەرە بۆ ساردکردنەوەی پلەی گەرمای خوێنو پاراستنی لە ئاستێکی گونجاودا کە گۆڕانی کەشوهەوا و پلەی گەرما کاری تێ ناکات.







گەورەترین ئەو شیردەرانەی لە ئوستراليا لە سەر درەخت دەژین.

لە دارستانە باراناوییەکانی بابوا گینیای نوێ و ئەندەنووسیا و بەشیك لە ئوستراليا دەژی.



THE EARTH IS OUR HOME

ڕەچەڵەکی شتەکان

# ئۆتومبیل
# CAR





## 1885 ز

ئەندازیاری ئەڵمانی کارل بنز دیزاینی یەکەمین ئۆتومبیلی کرد، کە بە بزوێنەر سوتاندنی ناوەکی کاری دەکرد و سێ تایەیی بوو.



## 1908 ز

هنری فۆرد یەکەمین ئۆتومبیلی دروستکرد کە هەرزان بوو و بەکۆمەڵ بەرهەم دەهێنرا، نەک هەر ئۆتومبیلێک بە تەنیا.

فۆرد





## 1938 ز

ئەندازیار فردیناند بورش دیزاینی ئۆتومبیلێکی بچووک و سادە و ئابووریی کرد، کە بە درێژایی نیو سەدە بەناوبانگ بوو.

فۆڵکس ڤاگن



## ئۆتومبیلی کارەبایی

ئۆتومبیلی کارەبایی یەکێکە لە چارەسەرەکان بۆ پاراستنی ژینگە و لە گەلێک وڵاتی پێشکەوتوو بەکارهێنانی لە هەڵکشاندایە.

## 1990



نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو
سەرهەڵدانی ئوتومبیلی
وەرزشوانی بەخۆوە بینی، کە
خێرا بوو و گۆشەی تیژی نەبوو

## 1970 ز



لەم ماوەیەدا ئوتومبیلی یابانی
بەهێزەوە دەرکەوت و کەوتە
کێبڕکێوە لەگەڵ ئوتومبیلی
ئەمریکی و ئەورووپیدا.

**تویوتا**



## 1959 ز




دوای جەنگی دووەمی جیهانی
ئوتومبیلی کەشخەی بێ بنمیچ
سەریهەڵدا، بە تایبەتی لە
ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**کادیلاک**

## 1948 ز




ئەم ئوتومبیلە فەڕەنسیە بۆ
چەندین ساڵ بەناوبانگ بوو،
لەبەر هەرزانی و ئاسانیی
چاککردنی.

**سیترۆین**



### داهاتووی ئۆتومبیل

ئوتومبیلی بێ شۆفێر سەریهەڵداوە و
لە ڕێگەی کۆمەڵێکی جۆراوجۆری
ئامێری هەستیارەوە دەجووڵێت،
وەک ڕادار و سونار و جی پی ئێس.





تاقیگەی بڕیار
وزەی ئەتۆمی
وزەی ئەتۆمی چییە، بڕیار؟
لە کوێ دەستەواژەی وزەی ئەتۆمی بەر گوێت کەوتووە؟
لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە.
وزەی ئەتۆمی بڕێکی زۆری گەرما و ڕووناکیە کە بە هۆی بڕێکی کەمی سووتەمەنیەوە دروست دەبێ.
ئەو سووتەمەنیە چییە؟
کانزایەکی سروشتە پێی دەوترێ «یۆرانیۆم».
«یۆرانیۆم» لە چەندین گەردیلەی زۆر بچووک پێکدێت کە ناوکی پڕ وزەیان هەیە.
چۆن وزەی ئەتومیی لێ بەرهەم دەهێنرێت؟
کاتێک ئەو ناوکە دووکەرت دەکەین وزە لەسەر شێوەی گەرمی و ڕووناکی بە بڕی زۆر لێ دێتە دەرەوە.


وزەی ئەتۆمی لە کوێ بەرهەم دەهێنرێ و چۆن سوودی لێ وەردەگیرێت؟
لە شوێنێکی تایبەت کە پێی دەوترێت «تەنووری ئەتۆمی» بەرهەم دەهێنرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ کوڵاندنی بڕێکی زۆر ئاو و گۆڕینی بۆ هەڵم.
ئەم هەڵمە جەنەرەیتەری تایبەتی دەخولێنێتەوە و بە هۆیەوە وزەی کارەبایی بەرهەم دێت.
دڵی تەنووری ئەتۆمی
بۆرییەکانی هەڵمی ئاو
جەنەرەیتەری کارەبا
بەڵام بە داخەوە مرۆڤ ئەم وزە سوودبەخشەی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی کە وێرانێکی زۆر دەخاتەوە.
کەواتە وزەی ئەتۆمی دەستکەوتێکی زۆر باش و سوودبەخشە بۆ مرۆڤایەتی.
بێگومان ڕۆبۆتەکەم، بەڵام دەبێت بۆ سوودی مرۆڤ بەکارببرێت، نەک بۆ وێرانکردنی ژینگەکەی و ژیانی.

# کوڕ و کوندەپەپوو

له عەرەبییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

بەڕێوەبەری خێوەتگە لەگەڵ کوڕان و کچانی بەشداربوو کۆبووەوە و پێی وتن: «ئێمە میوانێکمان هەیە کە دەبێت ڕێزی لێ بگرین.» میوان جگە لە کوندەپەپووی خەتخەت کەسی تر نەبوو. کوندەپەپوویەکی بچووک کە تەمەنی دوو مانگ زیاتر نەبوو، لە لایەن کرێکارێکی خێوەتگەکەوە لەسەر زەوی شوێنیکی نزیک دۆزرابووەوە. وا دیاربوو زریان ئەو درەختەی ڕووخاندبێت کە کوندەپەپووی بچووکی لێ دەژیا و بەڕێوەبەر بە ئۆلیڤەر بانگی دەکرد.

ئۆلیڤەر یەکێک لە باڵەکانی شکابوو، نەی دەتوانی بفڕێت. بەڕێوەبەری خێوەتگە قوتابیەکی خۆبەخشی دەویست بۆ چاودێریکردنی. ئاندی ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

ئۆلیڤەر، توانی لەسەر شانەکانی ئاندی هەڵنیشێ. لە دوای ئەوەی کە ئاندی پارچەیەک چەرمی بۆ ئۆلیڤەر لەبەر کرد. چنگە تیژەکانی بە پارچەکەوە نەدەچوو.

مانەوە لە خێوەتگە تەواو بوو، ئاندی گەڕایەوە بۆ قوتابخانە و ماڵەکەی خۆی، بەڵام ئەو نەیتوانی ئۆلیڤەر فەرامۆش بکات. ئارەزووی دەکرد کە ئەو کوندەپەپووە بە خێرایی چاک بێتەوە، تا بتوانێ بفڕێت و بۆ ژیانی ئاسایی خۆی بگەڕێتەوە.

شەوێک ئاندی خەوێکی سەیری بینی، لە خەوەکەیدا بەرەو شوێنی خێوەتگەکە دەفڕی، لەسەر لقی درەختێک لە تەنیشت ئۆلیڤەر نیشتەوە، کە پێشوازی لێ کرد و وتی: «زۆر ئومێدەوار بووم کە بگەڕێیتەوە ئاندی، دەتوانی فێرم بکەیت چۆن بفرم.» ئاندی پێی وت: «من تۆ فێری فڕین ناکەم، تۆ لە فڕیندا شارەزای، بەڵام فێرت دەکەم چۆن وەکو کوندەپەپووەکانی تر بخوێنی. ئەوە بۆ تۆ پێویستە.»

ئۆلیڤەر وتی: «من ڕازیم... بەڵام گوێم لێ بگرە، بۆ هەمیشە سەرسامم بە چاوەکانت، گەورە و درەوشاوەن و دڵنیام کە چاوی تۆ لە چاوی کوندەپەپوو گەورەترو تیژترە.» ئاندی لە وەڵامدا وتی: «بێ ئەزموون، ئەمە چاویلکەکەمە لەپێش چاوەکانمەوە.

لە ڕاستیدا کوندەپەپووەکان بەوە بەناوبانگن کە لە مرۆڤەکان باشتر دەبینن، بە تایبەتی لە شەواندا. شتێک کە من جیادەکاتەوە ئەوەیە دەتوانم لە تۆ باشتر لاسایی بکەمەوە،

ئۆلیڤەر گوێبگرە: هوور، هوو هوو.

ئۆلیڤەر وتی: «ئاو، ئاو، ئاو.»

ئاندی وتی: «ئەمە هەوڵێکی باشە.... وەرە دووبارە هەوڵ بدەینەوە.»

ئۆلیڤەر سەرکەوتوو بوو بە دەرکردنی دەنگی هوو، هوو، هوو.

ئاندی دەستخۆشی لێ کرد.



ئۆلیڤەر وتی: «ئێستا دەبێت من فێری فڕین بکەیت.»
ئاندی وەڵامی دایەوە: «بەڵێ، بۆ هەبوونی ژیانێکی ئاسایی، دەبێت فێری فڕین بیت.»
ئاندش لە خەودا وەک کوندەپەپوو دەفڕی، وێڕای ئەوەش بۆ ئۆلیڤەری ڕوونکردەوە کە چۆن باڵەکانی خۆی درێژ بکات، تا بایەک هەڵی بگرێ بۆ ئاستی درەختە بەرزەکان، پاشان بچێتە هەوای خۆیەوە.
ئۆلیڤەر سەرکەوتوو بوو لەوەی باڵی چەپی خۆی بکاتەوە، بەڵام کێشە لە باڵی ڕاستیدا بوو، کە بە تەواوبوونی مەشق زۆر زوو نەما. ئاندی پێی وت: «چاکبوویتەوە و ئیتر دەتوانی بفڕیت. بفڕە و بگەڕێرەوە بۆ ناو خێزانەکەی خۆت کوندەپەپووی خەتخەت.»
ئۆلیڤەر وتی: «هو هو هو هووا!»
دای لە شەقەی باڵ و هەڵفڕی. ئاندی خاوەنی بەجێهێشت، ئۆلیڤەر ئەوەندە فڕی تا لەبەرچاو ونبوو.
ئاندی خۆی بینییەوە، کە لەسەر جێگەکەی ئەمدیو ئەودیوی دەکرد، تا کەوتە سەر ئەرز و خەبەری بووەوە و دڵخۆش بوو بە خەونەکەی.
لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی دایکی سەیری قژی کرد و پاشان دەستی برد و پەڕێکی لە نێو قژی دەرهێنا. پێی وت:
- چۆن ئەم پەڕە سەیرە هاتە نێو قژەکانتەوە؟
ئاندی بە پێکەنینەوە وتی: «ڕەنگە کاتێ لە خەودا بووم، بەربووبێتمەوە سەر کوندەپەپوو!»
پێشتر دەنگی کوندەپەپوو لە دەروونی ئاندی نەدەمایەوە، بەڵام ئێستا بە دەنگێک لە خەو بێداربووەوە، کە دەنگی هوو، هوو، هوو، بوو لە نزیک پەنجەرەی ژوورەکەی، هەوڵی دا خاوەنی دەنگەکە ببینێ، بەڵام تاریکی هەموو شتێکی داپۆشی بوو.
بە تێپەڕینی کات، ئاندی کاتێ بۆ جێگە خەو ئامادەبوو، خووی بە گوێگرتن لەو دەنگەوە گرت، ئەو گومانی نەبوو کە ئەم دەنگە ئۆلیڤەرە، کەسێک کە چالاکی شەوانەشی بە سڵاوی ئێوارە دەست پێ دەکات بەر لە خەوتنی سەردانێکی ئاندی هاوڕێی دەکات.



ئەم چیرۆکە لە لایەن نەوجەوانێکی تەمەن ١٣ ساڵەوە نووسراوە، بە ناونیشانی «ئاندی و کوندەپەپوو» لە گۆڤاری « ranger ricks nature» کە لە لایەن فدراسیۆنی نیشتمانی بۆ ژیانی گیانداران لە ئەمەریکا لە مانگی مایسی ١٩٨٦دا بڵاوبووەتەوە.

سامان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تیایدا گیانلەبەران و شتە نازیندووەکانیش دەدوێن. ئەو لەگەڵ دوو خوشکەکەیدا بە چەندین هەڵوێستی دەوڵەمەند بە پەند و ئامۆژگاریدا تێدەپەڕێت، کە پاڵەوانەکانی شتانێکن بە بیری کەسدا نایەن.

وەرگێڕانی: ئازاد تەها

# جیهانی سامان



## پێڵاوی وەرزش




ئێمە بۆ بەشداریکردنت لە وەرزشدا دروستکراوین.
تا هەست بە ئارامی بکەیت و قاچەکانت توشی ئازار نەبن.
ئەی کاتێک بەیانیان وەرزشی ڕاکردن ئەنجام دەدەم هەستتان چۆنە؟
لەگەڵتدا ڕادەکەین تا گۆڵێک تۆماربکەیت.
کاتێک بە دڵخۆشیەوە بازدەدەیت، لەگەڵتدا بە دڵخۆشیەوە بازدەدەین، چونکە سەرکەوتوویت.
هەست بە دڵخۆشی دەکەین... دەزانیت بۆچی؟
چونکە تۆ شارەزایت هەمیشە پێشی بەرهەڵسکارەکەت دەدەیتەوە.
کەواتە ئەمڕۆ لە یانە ئەرکێکمان لەبەردەمدایە: کاتژێرێک بۆ وەرزشکردن. ئایا ئێوە ئامادەن؟.
دەی با ڕابکەین.
لەو پەڕی ئامادەییداین.

# شەمەندەفەری مەترسی

**لە فارسییەوە: هیوا محەمەد**

ئەو شەوە خێوەکان بە هێواشی ڕۆیشتن بەرەو نووسینگەکەی بریگز، بەڵام نەیان توانی دەرگای سندوقی قاسەکەی بکەنەوە. لە بەرامبەردا چوونە سەر کۆمپیوتەرەکە تا بە شوێن یارمەتیدا بگەڕێن.
وشەکانی «خێو» و «یارمەتی»یان نووسیەوە و بە دروستی ماڵپەڕێکیان دۆزییەوە، کە ئارەزوویان لێی بوو...
چارلی و گرووپی ڕزگاری خێوەکان (واتە خێوەکانی بەرەبابی فێرفێکس و خاتوونەکەی، کچەکەیان فلۆرانس، سەگەکەیان زانزیبار و تووتیەکەیان ڕیۆ) لە ژوورەکەی چارلی بوون، کە کۆمپیوتەرەکە دەنگێکی وەک بیپی لێوە هات. زانیان کە ئیمەیڵەکە گەیشتووە.
– گرووپی خۆشەویستی ڕزگاری خێوەکان، تکایە یارمەتیمان بدەن. ئێمە لەناو شەمەندەفەری مەترسیدا گیرمان خواردووە......
چارلی وتی: «خێوە بێچارەکان، سەیری ئەو هەموو بەدبەختییە! بە دروستی هەروەک تۆ، کە ناچاربوویت نمایشی ئادۆنیا پێردری نارەسەن لەناو قەڵای فێرفێکس دا بەڕێوەببەیت.»
خاتوونی فێرفێکس وتی: «ئەوان لە شارێکی کەناریدان. تا ئەوێ ڕێگاکەی زۆر دوورە. ناچارین کە بە ئۆتۆمبیلی خێوەکان بڕۆین.»



ئەو کاتە سەگی زانزیبار خێرا خێرا هاتە پێشەوە. ڕێو بەسەر سەری ئەواندا دای لە شەققەی باڵ.
بە کۆمەڵ ڕۆیشتن بۆ لای ئۆتۆمبیلە کۆنەکەیان، کە کاری گەیاندنی پیتزای پێ دەکرا. ویستیان بەوە بڕۆن بۆ شاری کەناراوەکە. وەک هەمیشە چارلی پارچەیەک لە بەردی فێرفێکسی برد، کە لەناو کۆڵە پشتەکەیدا بوو، تا خێوەکان بتوانن لەگەڵ ئەودا بڕۆن بۆ گەشت.
چارلی وتی: «میک، میری و یاترو، خەریکین دێین!»
چارلی ڕۆیشتە ناو ئۆتۆمبیلی خێوەکان و لەسەر کورسی شۆفێرەکە دانیشت. خۆی بادا بەرەو پێشەوە تا پێیەکانی بگاتە پایدەر و دەستەکانیشی بگاتە سووکانەکە.
خێوەکان چاو و گوێ یان کردەوە تا پێی بڵێن کەی بڕوات، کەی بوەستێت و بەرەو کام لا بڕوات.
هەرچی لە کاتی شۆفێریدا تا کەناری دەریا و شاری یاری کەمتر بووترێت، باشترە. بەرەبابی ف لەگەڵ خاتوونەکەیو فلۆرێنس، لەسەر باشترین ڕێڕەو کەوتنە باسوخواس. نزیکەی سەد جار بە هەڵە پێچیان کردەوە و لایان دا. کەمی مابوو کەوا لەسەر ئەو زەوییە خلۆرببنەوە و گیر بخۆن. سێ جار گڵۆپی سووریان تێپەڕاند و نزیک بوو دوو دانە سمۆرە و یەک دانە بۆق بکەن بە ژێرەوە. قەراغی ئۆتۆمبیلەکەیان کێشا بە دیوار و لەسەر هێڵی تیژڕەوی شارێی گەورەدا وەستان.
چارلی زەردەخەنەیەکی کرد: «چەندە باشە، کار بریتییە لە بەردەوامی و خۆگونجاندن! هەرچەندە زیاتر لێبخورم، شۆفێریم باشتر دەبێت.»
دواتر گەیشتن. چارلی هەستی بە بۆنی دەریا کرد. شارەکە لەوێ بوو. گۆڕستان لەوێ بوو. شاری یاری بریگز بویمن لەوێ بوو. چارلی بلیتی شەمەندەفەری مەترسی کڕی. لە ڕێڕەوەکە وەستا. دڵنیابوو لەوەی کە شوێنەکەی لە شوێنی کۆتا کورسی شەمەندەفەرەکەیە.




تتلق تتلق! شەمەندەفەرەکە وەستا. فیششششششش! بە یەکجار دەرگاکان کرانەوە. بۆ ناو تاریکی..... گەشتیارەکان هیچیان نەدەدی تا ئەوەی کە خێوێک دەرکەوت: «ااااااااررررررررگگگگگگگگ دووووگگگگگگگگزییییییییاااااااا!»
میکس هاوارێکی لێ هەستا. ڕووخساری وەک بۆق لێ کرد. هەموان لەناکاو قیژەیان کرد، جگە لە چارلی.
میری قیژەیەکی تیژ و بەرزی کرد: «ااااااااوووووواااااااووووو!» دەمی ئەوەندە کردەوە، وەک ئەوەی بیەوێت سەری گەشتیارەکان لێ بکاتەوە. هەموان لە جێی خۆیان بەرزبوونەوە، جگە لە چارلی.
یاتردی هاواری کرد: «یوووووهووووهااااااهوووووو!» لەو جۆرە هاوارانە کە خشەخش بە مێشک دەکات.
هەرکەسێک لەتاو ترس، دەستەکانی خۆی لەباوەش کردبوو.
جگە لە چارلی. تازە پشتێنی سەلامەتی کورسیەکەی کردەوە.
بە بێدەنگی لە شەمەندەفەرەکەوە پەڕییە خوارەوە. لەناو تاریکییەکەدا ئارامی گرت تا تلق تلق شەمەندەفەرەکە تەواو بوو.
میکس هاواری کرد: «تۆ!»
میری قیژەیەکی کرد: «کوڕە هێی!»
یاتردی هاواری کرد: «لەوێ چی دەکەیت؟ ناترسیت؟»
چارلی وتی: «نا بە تەمەنم. من لە گرووپی ڕزگاری خێوەکانەوە هاتووم.»
– ڕزگاری خێوەکان؟ تۆ؟ ئێمە چاوەڕێی بینینی کوڕێکی منداڵمان نەدەکرد...
چارلی زەردەخەنەیەکی کرد:«هاوڕێیان، بێنە دەرەوە!»
ئەو کاتە فێرفێکسە خێوەکان دەرکەوتن.
لەوێ، لەناو تاریکیدا، لە کاتێکدا کە شەمەندەفەری مەترسی هەموو جارێک قسەکانیانی دەبڕی، چارلی و فێرفێکسەکانو خێوەکانی شەمەندەفەری مەترسی بە یەکەوە قسەیان دەکرد.
مێکس وتی: «چارلی، پێویستە بەردەکان بهێنیت! بەردەکان لەناو سندوقی قاسەکەی بریگز هەڵگرە، ئەو کاتە دەتوانیت لێرە بڕۆینە دەرەوە!»
مێری ئەوەشی بۆ زیاد کرد: «دەبێت دەرگای سندوقی قاسەکەی بریگز بکەیتەوە!»
چارلی پرسی: «بەڵام چۆن ئەم کارە بکەم؟»
یاتردی وتی: «تا شەو ئارام بگرە، تا شاری یارییەکە بوەستێت و بریگز بخەوێت. ئێمە دەبینە چاو و گوێی تۆ. کلیلەکانی بریگز لەو شوێنەی کە دەخەوێت هەڵدەگرین، دەڕۆینە ژوورەکەی و.....»
چارلی وتی: «چۆن دەبێت دەرگای سندوقی قاسەکە بکەینەوە؟ وشەی نهێنیەکەی دەزانیت؟»
مێکس بە گێژوویژییەوە وتی: «ئۆوووو، نا.... بەڵام زۆر باشە، دەتوانم خۆم بچووک و بچووک بکەمەوە و بڕۆمە ناو قوفڵەکەوە. ئەوکاتە دەزانم دەبێت چ کارێک بکەین.»



**- ماویەتی-**




RIVERDANCE
سەمای ڕووبار



# ئاگاداربە!
# دەوروبەری ورچی دایك...

ئەم دایکە ورچە سێ بێچووە ورچی خۆی بە تەنیایی لە دارستاندا گەورە دەکات. ئێستا هەستی بە بۆنێک کردووە و نیگەران بووە. لە شوێنی خۆی بەرزبووەتەوە و ئامادەی بەرگریکردنە لە بێچووەکانی.

لە چ شتێک ترساوە؟

ها! ئەگەر تەڵەیەکی ورچمان دابنایە چی؟

لە فارسییەوە: هیوا محەمەد





دایکەکە بۆنەکەی دیاری کردووە. ئەو دەپرخێنێت تاوەکو بێچوەکانی تێ بگەیەنێت کە پێویستە پەناگەیەک بدۆزنەوە. بێچووە ورچەکانیش گوێ لە قسەی دایکیان دەگرن و بە نزیکترین درەختدا هەڵدەگەڕێن. بێچووە ورچەکان پەنجەکانیان دەچەسپێنن بە قەدی درەختەکەوەو خۆیان هەڵدەواسن بە قەدی درەختەکەدا. دایکەکە زۆر قورسە و ناتوانێت بە درەختەکەدا سەربکەوێت.





ورچێکی نێر دەردەکەوێت. ئەو بۆنەی کە دایکە ورچەکە هەستی پێ کردبوو، بۆنی ئەو ورچە نێرە بوو.
ورچە نێرەکە بە ئارامی نزیک دەبووەوە... ئەوەندە بەهێزە کە بە یەک جوولەی پەنجەکانی دەتوانێت بێچووە ورچەکان بکوژێت.
ورچە مێیەکە بە خێرایی بەرەو لای ورچە نێرەکە دەڕوات، تا هەرچی خێراترە ئەو لەوێ دوور بخاتەوە.
ورچە مێیەکە دەپرخێنێت و ددانەکانی پیشان دەدات. ئەو دەبێت بێچووەکانی گەورە بکات و چاودێرییان بکات.



ورچە نێرەکە دەترسێت و دەڕوات! بێچووە ورچەکان لە درەختەکەوە دێنە خوارەوە. ورچە مێیەکە لەسەر پشت ڕادەکشێت تا بێچووە ورچەکان شیر بخۆن. ئەمە دواجارە کە بێچووە ورچەکان شیری دایکیان دەخۆن. ئەم بێچووە ورچانە ٤ و ٥ مانگەن و ئیتر پێویستیان بەوە نییە شیری دایکیان بخۆن.
دایکیان ئەوەیان فێردەکات کە کام گیا، میوە، یان ئاژەڵی بچووک بخۆن.















بێچووە ورچەکان زۆربەی ڕۆژەکەیان بە یاریکردن و شەڕکردن لەگەڵ یەکتریدا بەسەردەبەن تا هێز و توانایان زیاد بێت، بەڵام ئەگەر لەناو یارییەکەدا هەرکام لەوانە بە توندی و بە ئازارەوە گاز بگرێت، یارییەکە تەواو دەبێت. ساڵی یەکەم دایکەکە بەوپەڕی ورياییەوە چاودێری بێچووە ورچەکانی دەکرد و زۆر خۆی نەدەخستە ناو یاریی ئەوانەوە. تەنیا ئەو کاتەی لەمەترسیدا دەبوون، یان زۆر لە دایکیان دوورکەوتنەوە، دەچوو بە لایانەوە. بێچووە ورچەکان ئەو کاتەی دەگەنە تەمەنی دوو ساڵ و نیو واز لە دایکیان دەهێنن و دایکیان بەجێ دەهێڵن.

# ورچەکان هەموو شتێك دەخۆن



**ناسنامە**



**ناوی باو:** ورچی قاوەیی
**ناوی زانستی:** ئورساس ئرکتوس
**لە خێزانی:** ئورسیدای
**ناوەندە تەمەن:** ٢٥ تا ٣٠ ساڵ
**خۆراک:** لەو کۆمەڵە گیانەوەرانەن کە هەموو شتێک دەخۆن. لە وەرزە جیاوازەکاندا شیردەرەکان ڕاودەکەن و هەندێک جاریش ئاژەڵی مردوو دەدۆزنەوەو دەیانخۆن. زۆربەی کاتەکانیش تۆوی جیاواز، میوە، مێروو و هێلکەی جیاواز و هەنگوین دەخۆن.
**شوێنی مانەوە:** ئەورووپا، ئاسیا و ئەمەریکای باکوور.
**ڕیکۆرد:** ورچە قاوەییەکان لە دوورگەی کودیاک لە ئالاسکا کێشیان دەگاتە سەروو ٧٥٠ کیلۆگرام.



**فەرووی ئەستوور**
بەوانە دەڵێن ورچە قاوەییەکان،
بەڵام فەروەکانیان لەوانەیە
بە ڕەنگی تاریک یان قاوەیی تێر بێت.
کلکیان تەنیا ٥ سانتیمەتر دەبێت.




**ئەگەر ئەم ورچە کە وەستاوە، لەسەر رووی چوار دست و پێی خۆی بوەستێت، باڵای ئەوە یەک مەتر و بە درێژایی ١,٧٠-١,٩٠ مەترە و کێشەکەی لە سنووری ١٥٠-٣٠٠ کیلۆگرامدایە.**

**پێی ساف و چەسپاو بە زەوی**
ورچەکان بە تەواوی لەسەر تەختی پێیەکانیان
دەڕۆن و بەر زەوی دەکەون.
ئەوان وەک تۆ دوو پێیان هەیە.
ئاژەڵەکانی تر وەک گورگەکان و شێرەکان تەنیا
لەسەر رووی نینۆکی پێیەکانیەوە دەڕۆن.

## ڕیکۆردی خەوتن!

**ورچە قاوەییەکان لە وەرزی هاویندا قەڵەودەبن و لە وەرزی زستانیشدا لە ئەشکەوت یان لە ژێر تەختە بەردە گەورەکاندا دەخەون و بە چەندان مانگ هیچ شتێک ناخۆن.**




## ورچەکانی ئەشکەوت (ئورساس ئسپیلائۆس)

**ئەوانە لە هەمان کاتدا لەگەڵ مرۆڤە یەکەمینەکان لە ئەورووپادا دەژیان. ئەوانە گەورەتربوون لە ورچە قاوەییەکان و گیاخۆر بوون و ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش لەناوچوون.**





**چینێکی چەوری**

لە وەرزی پاییزدا ورچەکان زۆر دەخۆن
تا لە جەستەی خۆیاندا
چەوری کۆبکەنەوە و هەڵی بگرن.

**گوێی بچووک بەڵام**

بیستنی ورچەکان زۆر باشە،
ئەگەرچی توانای بینینیان
زۆر باش نییە.

**دەم و لووتێکی شێدار**

هەستی بۆنکردنی ورچەکان تەنانەت لە هی سەگەکانیش بەهێزترە!
ئەوان بە هەستی بۆنکردنی خۆیان ورچەکانی تر و
ورچە مردووەکانیش دەدۆزنەوە.
بە هەمان شێوە لە شەودا ڕێی ماڵی خۆیان
بە هۆکاری هەستی بۆنی خۆیان دەدۆزنەوە.

**پەنجەی بەهێز**

ورچەکان لە هەر پێیەکیاندا پێنج پەنجە و
چرنووکی بەهێزیان هەیە. چرنووکەکانیان
بە زۆری لە دەرەوەن. درێژی ئەو چرنووکانەی
پێشەوەیان زیاترە لە ٧ سانتیمەتر.

## ٧ جۆری ورچ

**لە ئەمڕۆدا حەوت جۆر لە ورچ بوونیان هەیە. ورچی قاوەیی، ورچی جەمسەری، ورچی ئەمەریکایی و ئاسیایی، ورچی خۆری، ورچی پاندای دێوئاسا، ورچی نمایشی و ورچی تەمبەڵ.**




## «دەڵێی ورچە و سەری بریندار‌بووە»

**ئەم دەستەواژەیە بە کەسێک دەوترێت
کە تاقەتی هیچ شتێکی نەبێت!**





# ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر

وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

## چۆن
## لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆمان بگونجێنین؟

ڕەنگە ناونیشانێکی سەیربێت بەلاتانەوە، بەڵام ئەمە بەتەواوی پێچەوانەیە. هەموومان پێویستە هەندێ بنەماو ڕێسا بزانین کە وامان لێ دەکات تا بە ئاسانی و سانایی لەگەڵ کەسانی تردا ڕەفتار بکەین، چۆن بەدەم خەڵکەوە بچین و چۆن قبوڵیان بکەین و چۆن قبوڵمان بکەن؟ ئەم ڕاهاتنە کۆمەڵایەتییە بۆ ئێمە دەبێتە مایەی خۆشی و ئاسایشی دەروونی.



**دەستپێشکەری بۆ دەرککردن بە کەسایەتیەکانی دەوروبەرمان،**
زانینی حەز و خولیاکانیان و دەرککردن بە هەست و هۆش و بیروباوەڕەکانیان پردەکانی تێگەیشتنی نێوان هەموان بەهێز دەکات.



**سووربوون لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ کەسانی تر** لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، چونکە ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەنێوان ئێمەو ئەواندا دروست دەبێت متمانەمان زیاتر بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانە خۆمان بگونجێنین کە تازە دەیان ناسین.

**داننان بە ڕاستیدا**
کاتێک هەست دەکەین کە باوەڕی ئێمە هەڵەیە. زۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی پابەندبوون بە باوەڕە هەڵەکانمانەوە هەڵدەوەشێتەوە.



**بێفیزی**

کاتێک کەسانی تر
کێشە و خەون و
ئارەزووەکانی خۆیانمان بۆ
باس دەکەن، بە دیقەتەوە
گوێیان بۆ بگرین. ئەگەر
ئەوان زۆر متمانەیان بە ئێمە
نەبێت، ناتوانن ڕازەکانی
خۆیان لای ئێمە
بدرکێنن.





**متمانە**

ئەمە ڕێگەی
سەرکەوتنە لە زاڵبوون
بەسەر هەموو ئەو
بەربەستانەدا کە بە ئاسانی
ڕووبەڕوومان دەبێتەوە،
چونکە پەیوەندی لەگەڵ
کەسانی تر لەسەر
بنەمای متمانەی
بەرامبەرە.





**چاکە بکە**

لەگەڵ هەمواندا بێ
ئەوەی چاوەڕێی بەرامبەر
بکەین، لە ئازاری کەسانی تر
لەسەر هەست بین، چونکە کەسی
زیانبەخش خەڵک لێی دوور
دەکەوێتەوەو دوورەپەرێز دەبێت،
بە پێچەوانەی کەسی چاکەکار
کە خەڵک لێی
تێدەگەن و خۆشیان
دەوێ.

# تاقیکردنەوەی ژیــری



## 1

دوو ژمارە
لێکدانیان (60)
کۆیان (17)
لێک دەرکردنیان (7).
کامانەن؟

## 2




کۆئەندامێکی لەشی مرۆڤ دەکەوێتە لای چەپی سک و خوێن لە پاشماوەو میکرۆبەکان پاک دەکاتەوە.

أ جگەر
ب گورچیلە
ج سی
د دڵ
هـ سپڵ

## 3

ژمارەی نادیار چییە؟

7 1 2
7 4 6
7 1 1
6 7 5
؟ _ _ _

## 4



لە گیانلەبەرێک وەردەگیرێت و جلوبەرگی گرانبەهای لێ دروست دەکرێت، چییە؟

أ خوری
ب قوماش
ج ئاوریشم
د پۆلیستەر
هـ لۆکە



## 5

به کەسی
نۆکەر
دەوترێت
«ئەڵقە
..........»



## 6

کام وشە لەناو
وشەکاندا
نامۆیە؟

أ پاییز
ب زستان
ج ڕەشەبا
د بەهار
هـ هاوین



## 7

ئەو پیتانەی خوارە بە شێوەی
وشە ڕێکبخە:

أ (ه ن ه خ ه د ر ه ز)
ب (ڕ و ێ ا ه)
ج (ڕ ه و ا گ ن ه ج)
د (د ر ا س م ه خ)
هـ (ا ش ن ا م ر ک)

## 8

وشەی «بەرگری» هاوواتای
کام وشەیە؟


أ هەوکردن
ب پەتا
ج پارێزراوبوون
د کێبڕکێ
هـ چاکبوونەوە





## 9

بە ڕوانینە ژمارەکانی
دوو سێگۆشەی سەرەوە
ژمارەی نادیاری سێگۆشەی
خوارەوە بدۆزەرەوە





## 10

جیاوازی سێگۆشە لەگەڵ
چوارگۆشەدا ئەوەیە
کە تەنیا ......
هەیە.

بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە دانایی و پلاندانان
ئەم خشتەیە بۆ خۆت پڕبکەرەوە



## خشتەی هاوسەنگی

| | دەست بەمە بکە | بەردەوام بە لەسەر | واز لەمە بهێنە |
|---|---|---|---|
|  **دڵم**<br>- پەیوەندی دروست بکە.<br>- پێبکەنە.<br>-خزمەت پێشکەش بکە. | | | |
|  **مێشکم**<br>- بخوێنەرەوە.<br>- بنووسە.<br>-شارەزایی پەیدابکە. | | | |
|  **جەستەم**<br>- مەشق بکە.<br>- خواردنی تەندروست بخۆ.<br>- باش بخەوە. | | | |
|  **ڕۆحم**<br>- ڕابمێنە.<br>- بیرەوەری بنووسە.<br>- بچۆرە خەڵوەتەوە. | | | |



لەگەڵ  ئێمەدا کورسی خۆتان بگرن
بۆ فڕین بە جیهانی هونەری حەوتەمدا.
باسی خۆشترین  فلیم کارتۆنەکانتان
بۆ دەگێڕینەوە.






## سینەما

وەرگێڕانی: ئازاد تەها

# هەنگێك
# دنیا دەگەڕێت




ئایا ڕۆژێک بیرتان لە چۆنیەتی دروستکردنی هەنگوین کردووەتەوە؟ لە کوێوە دێت و چۆن دەردەهێنرێت؟ لە فلیمی (Bee Movie) لە گەشتێکی خۆشدا دەڕۆن بۆ ناو شانەی هەنگ، تا نهێنیەکانی و شێوازی کارکردن تیایدا بزانن، لە هەمان کاتدا سوود و خۆشیتان دەست بکەوێت. لە کۆتایی فلیمەکەدا هەست بە ئارەزووی زۆر دەکەن بۆ نۆشکردنی کەوچکێکی خۆش لە هەنگوین!

فلیمی Bee Movie چیرۆکی (باری) هەنگ لەخۆدەگرێت، کە لەناو شانەی هەنگدا دەژی و کۆلێژی تەواوکردووە و خەریکە دەست بە ژیانی پیشەیی دەکات، بەڵام توشی دامرکانەوە و بێورەیی دەبێت، کاتێک درک بەوە دەکات، دەبێت هەموو ئەو ژیانەی ماویەتی لەناو شانەدا بەسەری ببات، لە تاکە پیشەیەکدا کە بریتییە لە دروستکردنی هەنگوین. باری نەخشە بۆ جێهێشتنی شانەکە دادەنێت، بە هاوڕێیەتی دەستەیەک هەنگ، کە تایبەتن بە مژینی هەڵاڵەی گوڵەکان، پاش سەرکەوتنی نەخشەکەی دەست بە گەڕان و پشکنینی جیهانی دەرەوە دەکات و سەرسام دەبێ بە ئاسمان و سروشت.

بەڵام جیهانی دەرەوە بۆ هەنگێکی بچکۆلە پڕە لە مەترسی. هەنگ ڕەنگە بە باران یان بەرکەوتنی پێڵاو یان شەڕکردن لەگەڵ شەنگەسوورە و زەردەواڵە بمرێت. ئەگەر هەنگ ناچاربوو بە بەکارهێنانی چزوەکەی بۆ پێوەدان ئەوا دەمرێت. بەو شێوەیە باری خۆی دەبینێتەوە وندەبێت و خەریکە بمرێت، بەڵام خاتونێک کە ناوی ڤینیسیایە ژیانی ڕزگار دەکات، ئەویش هەست بە سوپاس و پێزانین دەکات بەرامبەری و دەبێتە هاوڕێی، بەوەش گرنگترین یاسای هەنگەکان دەشکێنێت، ئەویش قەدەغەکردنی پەیوەندیکردنە لەگەڵ مرۆڤەکاندا، بەڵام هەموو شتێک ڕێک پێچەوانە دەبێتەوە، کاتێک باری بۆی دەردەکەوێت کە مرۆڤەکان هەنگوین کۆدەکەنەوە و دەیفرۆشن و دەیخۆن و تووشی شۆک دەبێت و بڕیار دەدات داوایان لەسەر تۆماربکات.




**هەمیشە کۆمەڵگا چالاکەکان بە شانەی هەنگ دەشوبهێنرێن، ئەوان بەبێ ماندووبوون و بێزاربوون کاردەکەن، ئەوەش بەپێی سیستەمێکی ورد و توندوتۆڵ. سەیری فلیمی Bee Movie بکەن، تا زیاتر دەربارەی ئەم کۆمەڵگا سەرنجڕاکێشە بزانن. ئەو کاتە هەر کە شانەی هەنگ دەبینن، لەسەر دار یان پەنجەرە بیرۆکەیەکی نوێتان دەبێت کە چی لە ناوەوە ڕوو دەدات!**

# ١٠ جیاوازی

دوو وێنەی هاوجووتمان لەبەردەمدایە،
بەڵام ١٠ جیاوازی لەنێوانیاندایە،
ئایا دەتوانیت بە ٥ خولەک بیان دۆزیتەوە؟






ئەگەر لەو ڕێونەی یەکەم
ڕزگارت بوو، ئایا دەتوانیت
ڕێونەی دووەم ببڕیت و بگەیتە
گەنجینەکەی سەرەوە؟
گەنجینەی
ون

# مێش و مەگەز





**پێداویستیەکان:**

قەپاغی پلاستیکی بچووک، کاغەزی شەفاف، کاغەز، ڕەنگ و لیم.

**شێوازی کارکردن:**


**١. کاغەزە شەفافەکە بە شێوەی باڵی مێش و مەگەزەکە دەبڕین و چوار دانەی لێ دروست دەکەین، دوان بچووک و دوانیش گەورە.**

**٢- باڵەکان ڕەنگ دەکەین و دەیان نووسێنین بە ناوەڕاستی قەپاغەکەوە.**

**٣- لەسەر کاغەزی سپی چاوەکانی مێش و مەگەزەکە دروست دەکەین و دەیان نووسێنین بە قەپاغەکەوە.**

**٤- هەمان شێواز دووبارە دەکەینەوە، بەڵام بە بەکارهێنانی قەپاغی تر و بە ڕەنگی جیاواز.**










**ئێستا مێش و مەگەزەکە ئامادەیە و دەکرێت لەسەر درەختێک یان خۆڵ دای بنێین.**



**لەیادت بێت کە بەکارهێنانی مقەست پێویستی بە یارمەتیی کەسێکی گەورەیە.**



# بەهرەی هونەری



## ئەم وێنەیە تەواو بکە و ڕەنگی بکە





# میزەڵانفرۆش

